# 08 / may 2018

COMMUNIST BULLETIN

# جەنگی چینایەتی

# دژی کەتەسترۆفەکانی سەرمایەداریی



**دەبا خەباتی چینەکەمان، دژی کەتەسترۆفە گلۆبالّیەکانی سەرمایەداری، دژی هەموو کۆمەڵگای چینایەتی، ئینترناسیۆنالیستانە ڕێکبخەین!**

PUBLISHED BY THE COMMUNIST GROUP CLASS WAR AUTISTICI.ORG/TRIDNIVALKA

# دژی کەتەسترۆفەکانی سەرمایەداریی

گەشەی ئەم کۆمەڵگایە، پەیوەندیەکی پتەوی بە **گەشەی تاکە داپڕاوەکانەوەیە** .کۆمەڵگای بازرگانی گشتی، هەموو ئەو کۆمەڵگانە دووردەخاتەوەو لەناویان دەبات کە کۆمەڵگەی پارە نین، وە هەموو شتێک برەو پێدەدات کە لێکدابڕانی کۆمەلایەتی زیاد دەکات. هەرچی شتێک یەکبگرێتەوە، لە لێکدابڕاندا یەکدەگرێتەوە. ئەمەیە جەوهەری ئەم جیهانەو شێوازی ژیانی، ئەمەیە دیموکراسیەت.

ئەو کاریگەریەی ئەم واقیعە لەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی جێدێڵێت، سروشتە کۆمەلایەتیەکەی دەکوژێت، وە دەیکاتە گەردیلەی تاکتاکی لێکدابڕاو لە بەرژەوەندی دژ بە یەکدا، ئەمەیش بەردەوام لە زیاد بووندایە .هاوڵاتی ئەمڕۆ، ڕۆشنترین نموونەیە لەسەر ئەوەی کە چۆن گەشەی بازرگانی و تاکی لێکدابڕاو لە یەکتر، لە فۆرمێکی هاوشاندا گەشە دەکەن. ئەم پێشکەوتنە، نەک هەر دڕندانە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەنێو دەبات، بەڵکو ڕێگریی گەورەیش لەبەردەم خەباتدا دادەنێت دژی سەرمایەداریی، کاتێک ئەو تاکە دابڕاوە، دەیەوێت بە ئاراستەیەکی ناکۆک بەو پێشکەوتنەی ڕێکخستنی کۆمەڵگا بڕوات کە دژی سەرمایەیە، ئەو یەکێتی خەباتەی لە بوونەوەرێکی کۆلێکتیڤەوە دێت، لە چینێکی کۆمەڵایەتی شۆڕشگێرەوە، پرۆلێتاریا.

ئا لەم حاڵەدا، پرۆلێتاریا، ڕووبەڕووی **زەحمەتێکی زۆر دەبێتەوە لە کارەکانی و لە داننان بەخۆیشیدا وەک چینێک** . بوونی ئەو، هەروەک پرۆسێسە مێژووییە دەوڵەمەندەکەی لە خەباتداو پرۆگرامەکەی، نێگەتیف دەنوێنێت لە مێژوودا، ئیتر ئەمە بە شێواندنی بێت یان بە شاردنەوەی ئەم واقیعە مێژووییە. دینامیکیەتی سەرمایە خۆی و هێزە ئایدیۆلۆژیەکەی، ئەو چالاکیە کۆمەڵایەتیەن کە نەفی بوونی چینەکەمان دەکات بەو مانایەی نزم دەکرێتەوە بۆ ئاستی بەرهەمهێنان و نوێ کردنەوەی سەرمایە، بۆ ئەو ئاستەی وادادەنرێت هەتاهەتاییە، بابەتێکی بچووکی سەرمایەیە؛ بازرگانیەکی سادەی هێزی کارەو دەتوانرێت بەپێی پێویستی بەرهەمهێنان سوودی لێوەربگیرێت یان فڕی بدرێتە لاوە؛ وە ئیتر ئەو خۆی هەر تەنها بە ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکاندا هەڵدەڕوانێت.

ئا ئەم واقیعە، بە تەواوی وای لە پرۆلێتاریا خۆی کردووە کە خۆیان بەهیچ نەزانن پرۆلێتێر نەبێت. وە ئیتر یەکێک وادەزانێت ئەوان پرۆلێتێریش نین، بەڵکو کۆمەڵێکن لە کاردا دامەزراون، یەکێکی تر وادەزانێت پرۆلێتاریاش نین، بەڵکو کۆمەڵە بێکارێکن، ئەوانی تریش خۆیان بە جووتیار دەزانن بەرامبەر بە کرێکاران، یەکێکی تر وا لە خۆی دەڕوانێت بازرگانێکە، ئەمە تەنها لەبەر ئەوەی عارەبانەیەکی دەسگێڕی پێیە، گەلێکی تریش وا دەبینن زۆر مناڵن یان زۆر پیرن بۆ ئەوەی پرۆلێتێر بن، ئەو کەسانەیش هەن کە کەمتر هەست بە پرسی چینەکەیان دەکەن لەبەر ئەوەی ئافرەتن، یان وا هەست دەکەن چەوساندنەوەی ڕەگەزەکەیان زیاتر جێی بایەخە هەتا چینەکەیان، وە ئیتر لەبری ئەوەی وەک پرۆلێتێرێکی ڕەشپێست، یان پرۆلێتێرێکی لاتینی، وە یان پرۆلێتێرێکی ئاسیاوی خۆیان ببینن، هەستی ڕەشپێستێک و

لە هەموو شوێنێک، بەردەوام کەتەسترۆفەکانی کاپیتالیزم، چڕتر دەبنەوە، ئەمەیش گەیشتۆتە ئاستێکی ئەوەندە بەرز کە تادێت ناکۆکتر دەبێت لەگەڵ ژیاندا لەسەر گۆی زەی. جەنگ بەقووڵایی جیهاندا بڵاودەبێتەوە، برسێتیەکی فراوان، چڕتر بوونەوەی چەوساندنەوە، زنجیرەیەکی بەردەوام لە حاڵەتی خۆکوشتن، بە شت کردنی هەموو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، زەبروزەنگ لەنێوان پرۆلێتاریاداو دژی پرۆلێتاریا (زەبروزەنگی سێکسی، زەبروزەنگی ڕەگەزپەرستی، زەبروزەنگ دژی مناڵ و پیر ...)، پڕبوونی زیندانەکان، کاولکردنی زەوی، خۆراکێکی تا بڵێی ژەهراوی، وێرانکردنی تەندروستی، هتد. هەرگیز دوژمنایەتی نێوان سەرمایەداری و ژیان ئەوەندەی ئێستا زیانبەش نەبووە. وە هەرگیز پێویستیی بە دەستوبردی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و مەیلی قبوڵ کردنی، وەک ئێستا کەم نەبووە.

....................

چەندان دەیە لە دژە-شۆڕش و لە ئاشتی کۆمەلایەتی، پرۆلێتاریایان پارچە پارچە کرد، ئەمەیش بووە هۆی زیاتر کردنی پرۆسێس و میکانیزمی بەرهەمهێنانەوەی کاپیتالیزم؛ بەجۆرێک کە پەردەیەکی دابوو بەسەر بوونی چینە کۆمەڵایەتیەکاندا )لە سەروویانەوە پرۆلێتاریا)، ئەمەیش شوێنەواری **ئەو یەکێتیەی ڕاماڵی بوو** کە ئەو چینە کۆمەڵایەتیە، گەشەیەکی مێژوویی پێدابوو. خودی ئا ئەم کاپیتالیزمە خۆی، هەر لەسەر ئەو واقیعەی خۆمانی تێدا دەژین، لە زنجیرەیەک ئایدیۆلۆژیادا بەرجەستە بووە کە گرفتەکان جیا دەکەنەوە لە یەکتر و چارەسەری دیاریکراویش بۆ هەریەکێکیان بەجیا دادەنێن، ئەو گرفتانەی کە هەر هەمان سیستم دروستیان دەکات. دەرئەنجام، بزووتنەوەی جیاواز جیاواز لەم کێشانە نزیک دەبنەوەو هەوڵی چارەسەریان بۆ دادەنێن. ئەمە لەکاتێکا هیچ چارەسەرێکی جیاواز نیە بۆ هەر گرفتێک بەجیا، زیاتر لەوەیش، ئەم پارچە کردنە، لە هەمانکاتدا، ناوەڕۆکی واقیعی گرفتەکان دەگۆڕێت. وە هەر بەو چەشنە، ئایدیۆلۆژیا دروست دەبێت بۆ چەوساندنەوەی ژن لە لایەن پیاوەوە، بۆ چەوساندنەوەی ڕەگەزەکانی تر لە ڕەگەزی سپیەوە، بۆ وێرانکردنی سروشت لە لەلایەن مرۆڤەوە، وە ئیتر ئەمانە واقیع دەخەنە ژێر ئەو پێوەرە ئایدیۆلۆژیانەوە. لە تێکۆشانیشدا بە شێوازی جیاوازی ئەم دەستانە، بزووتنەوە جیاوازەکان، لەسەر ئاستی هەر گروپێکی دیاریکراو، دەکەونە ڕکابەریی لە نێوان خۆیاندا لە پێناوی ئەوەدا کە دەوڵەت باشتر دان بە مافەکانی ئەواندا بنێت.

ئا بەم جۆرە، لەسەر ئاستی سیاسی، ڕکابەریی نێوان کاڵاکان، لە ڕکابەریی پێناسەی جیاواز جیاوازدا خۆی دەردەبڕێت، ئەمانەیش هەموویان، لە بەرژەوەندیی بەبایەخترین سیاسەتی "پێشنیار کراو"و بەرژەوەندیی ئیدارە حکومیەکەیدایە. وە ئیتر هەر بەو چەشنە، ڕەخنەی تاکتاکی سەرمایە، دەچێتە جێگای ڕەخنەیەک کە لە جەوهەردا ڕەخنەی هەموو لایەنەکانی سەرمایەیە، ئەمەیش نەک وەک تایبەتمەندیەک، بەڵکو وەک دەربڕینێکی گشتی کە هەموو لایەنەکان دەگرێتەوەو ئەو سیستمە کۆمەلایەتیە دەخاتە ژێر پرسیار کە بەرهەمهێنی هەموو ئەو گرفتانەیە.

لاتینیەک و ئاسیایەک دایاندەگرێت .وە ئەوانەیشی بەسەر ئەم شێوە ڕەگەزپەرستیانەدا زاڵ دەبن کە نەفی کردنێکی ڕاستەوخۆی واقیعی پرۆلێتاریایە، ئەوانە هەمان نەفی کردن دەکەن، بەڵام لە فۆرمی ئایدیۆلۆژیا سیاسیەکاندا. ئەمەیش وەک هەستی "ئەنتی-ئیمپریالیست"، "ئەنتی نیو-لیبرالیزم"، "فەلەستین"، "جوولەکە"، "کوبی"، "چەپگەرایی"، "فەرەنسی"، "یانکی"، "ئەیمەرە"، "کورد"، "کرواسی"، "کرێکاری جیهانی یەکەم"، "فێمێنیست"، "ئەنتی ڕاسیست"، هتد.

گەشەی ئا ئەم کۆنسێپتە مەعریفیانە، وەک هێزەکانی سۆشیال-دیموکرات خۆیان دەناسێنن و دژی پرۆسێسی خۆپێکهێنانی پرۆلێتاریان وەک نەفی کردنی کەتەسترۆفەکانی ئەم جیهانە. ئا بەم جۆرە، تێڕوانینی ئەو چینە بەوە کەم دەکرێتەوە کە تێکەڵەیەکە لە پێناسەو کۆمەلگەی وەهمی کە لە کۆمەڵگای پارەدا دەژین.

لە هەمانکاتدا، سیاسەت هەر یەکێکە لەو ئایدیۆلۆژیا سەرەکیانەی دژی چینەکەمانە. وە پرسی گۆڕانکاریی کۆمەلایەتی دادەبەزێنیت بۆ دەستگرتن بەسەر دەوڵەتدا، ئیتر ئەمە بە ڕێگای هەڵبژاردن بێت یان بە ڕێگای زەبروزەنگ، ئەمەیش لە پێناوی زنجیرەیەک ئیجرائاتدا "کە دەخرێتە بەردەم کۆمەڵگای سەرمایەداریی" و "ئاڵترناتیڤێکی واقیعی و بە دەستوبرد" پێشکەش دەکات.

بەڵام خۆ دەولەت ئۆرگانێکی بێلایەن نیە کە بتوانرێت بەپێی ئیرادەی ئەم سەرکردەو ئەو حیزب بەکار بهێنرێت، بەڵکو ڕێکخراوێکە وەک هێزی ئەم کۆمەڵگایەی ئێستا، واتە سەرمایە، وە هەرکەس ئەو دەوڵەتە بگرێتەدەست، هەر سوور دەبێت لەسەر ئەوەی لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا ڕۆڵی خۆی بنوێنێت. وە زۆر دوور دەبن لەوەی دەوڵەت ئاراستە بکەن، بەڵکو ئەوان خۆیان لە دەوڵەتەوە ئاراستە دەکرێن. هەر لەبەر ئەوە، هیچ ئیجرائاتێکی سیاسی، فۆرمە جیاوازەکانی گەشەی سەرمایەو بناغەکانی ئەم کۆمەڵگایە ناخەنە ژێر پرسیارەوە، وە یان هیچ جۆرە ئاڵترناتیڤێکی واقیعی پێشکەش ناکەن. بڕواننە کوباو فەنزوێلا، وە یان پرۆسێسی سەربەخۆیی ئێستای کەتەلۆنیا.

....................

سەرباری هەموو ئەم زەحمەتانە، سەرباری هەموو ئەم هێزو ئامرازانەی بەکاردەهێنرێن دژی خۆپێکهێنانی پرۆلێتاریا وەک هێزێکی شۆڕشگێر، ئینجایش هیچ پێشبینیەک، هیچ ڕێگایەکی دەرچوون نیە لە کەتەسترۆفەکانی کاپیتالیزم، شۆڕشی کۆمەڵایەتی نەبێت. وە هیچ گومانێکمان نیە لەوەی کەتەسترۆفەکانی کاپیتالیزم هەر بەردەوام دەبێت و زیاتریش ژیان لەسەر ئەم ئەستێرەیە دەکاتە مەحاڵ. وە گومانیشمان لەوە نیە کە خەباتی چینەکەمان، لێرەو لەوێ، هەر بەردەوام دەبێت بۆ بەرهەمهێنانەوەی خۆیان. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، شتی سەرەکی ئەوە نیە تێبینی ئەم دەلیلانە بکرێت، بەڵکو ڕێکخستنی ئەم خەباتانەیە وەک یەک خەباتی ئینترناسیۆنالیستی، لە پێناوی خستنی کاپیتالیزمدا، ئەمەیش بە بەکارهێنانی ئەزموونە مێژووییە کەڵەکەبووەکان بۆ سەرکەوتن بەسەر سنووردارێمان و لاوازیەکانمان و ئینکاری هەر شتێک کە ڕێگری ئینترناسیۆنالیزم و چالاکیی ئینترناسیۆنالیستانەیە دژی سەرمایەو دەوڵەت .ئەمە تاکە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی **بەرگری کردنە لە پێداویستیەکانی مرۆڤ دژی پێداویستیەکانی سەرمایە** .ڕێفۆرم و هیواو خەونی ڕەتکردنەوەی شۆڕش، هیچ نین جگە لە هێزە پارێزەرەکانی ئەم جیهانە نەبێت. هیچ ڕێگایەکی ترمان لەبەردەمدا نیە بۆ دەرچوون لەم چاڵە جگە لە لێدان و شکاندنی میکانیزمەکانی بەرگری کردن لە سەرمایەداری و ڕێگری کردن لە ڕێکخستنی خەباتی هاوبەشمان. ڕێکخستنی خۆیشمان پێکەوە – لە دەرەوەو دژی هەموو پێکهاتەکانی دەوڵەت – بۆ خەبات دژی ئەم سیستمە کوشندەیە، لە بەرگریدا لە پێداویستیەکانی مرۆڤ دژی پێداویستیەکانی سەرمایە، لە دڵنیاکردنەوەدا لە ئینسانیەت دژی بە شت کردنەکانی سەرمایە ...................

**دەبا خەباتی چینەکەمان، دژی کەتەسترۆفە گلۆباڵیەکانی سەرمایەداری، دژی هەموو کۆمەڵگای چینایەتی، ئینترناسیۆنالیستانە ڕێکبخەین!**

**پرۆلێتێرە ئینترناسیۆنالیستیەکان**

**I n t e r n a t i o n a l i s t   P r o l e t a r i a n s**
http://www.proletariosinternacionalistas.org
info@proletariosinternacionalistas.org
















Download our materials in PDF format at autistici.org/tridnivalka

# هەڵوێستە بەرنامەڕێژکراوەکان: گروپی جەنگی چینایەتی

ئەمانە لەناوچوون، بەڵکو بوونەتە بەشێک لە چەوساندنەوەی سەرمایەداریی و دابەشبوونی کار. وە هیچ چەوساندنەوەیەک لە دەرەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی سەرمایەدارییدا بوونی نیە، وە تەنها پێکەوە، لە پرۆسیسی شۆڕشی کۆمۆنیستیدا، توانای لەناوبردنیان هەیە. ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی پێناسەیەکی ساختە دەدەنە کارگەر، ژن، هاوڵاتی، غەریبە، "خاوەن ئیمتیاز"، "جیاواز" لە ئێمە، پرۆلێتێرەکان، ئا ئەمانە دواجار وامان لێدەکەن، خۆمان تەنها لە سیستمی سەرمایەدارییدا بناسینەوە. تاکە پرۆسێسێکیش بۆ نەفی کردنی هەموو پێناسەکانی هاوڵاتیە ملکەچەکان، دینامیکیەتی خەباتی پرۆلێتاریایە. بۆیە پرۆلێتاریا دژیانە بە هەمان شێوەی دژایەتی نیشتمان و وڵات ناسیۆنالیزم. دژی ئاشتی کۆمەلایەتیە لە دەوڵەتی نیشتمانی و نەتەوەییدا، دژی جەنگە لە نێوان وڵاتاندا ............

FOR PROLETARIAN ASSOCIATIONISM
لە پێناوی یەکێتی پرۆلێتاریادا

ئەمڕۆ، خەباتی واقیعی پرۆلێتاریا، سەرباری سنووردارییەکەی، هەڵگری تۆوێکی کۆمۆنیستانەیە لەخۆیدا، تۆوی ئەو بزووتنەوەیەی ئەم حاڵەتەی ئێستای شڵەژاندووە. لەبەر ئەوە، ئێمە لە ئەمڕۆدا هاوپشتی خەباتی چینایەتی و پێکهاتنی ئەو ناوکە پرۆلێتاری و ئەڵقەو تۆڕانەین کە لەسەر بناغەیەکی ڕووخێنەرانە وەستاون – ئەوانەی خەبات دەکەن و یەکێتیەک پێکدەهێنن لە دەرەوەو دژی سەندیکا، دژی حیزبە سیاسیەکان و هەر پێکهاتەیەکی تری دەوڵەتی برجوازی. بە دەستنیشانکراوی، لە خەباتێکی لەم چەشنەوە، بزووتنەوەی فراوانی پرۆلێتاریا سەرهەڵدەدات و دەکەوێتە گەشتی ساغکردنەوەی پرۆلێتاریا – چینە چەوساوەکەی ئەم کۆمەڵگایە – دەربارەی بابەتە ئایندەکانی ئەم شتانەی ئێستا.

FOR COMMUNIST REVOLUTION
لە پێناوی شۆڕشی کۆمۆنیستیدا

تەنها لە پرۆسێسی دینامیکیەتی شۆڕشگێڕانەی پرۆلێتاریادا، گۆڕانکاری لە پارسەنگی هێزدا ڕوودەدات لە نێوان پرۆلێتاریاو برجوازیەتدا. وە تەنها ئەمەیە بوارێک دەکاتەوە لەبەردەم بازدانێکی نەوعیدا لە هۆشیاریی چینایەتیداو ڕێ خۆش دەکات بۆ ڕووخاندنێکی توندوتیژی چینی سەروەرو چارەسەرێکی بنەبڕی ناکۆکیە چینایەتیەکان، ئەمە ئەگەر هاتوو بزووتنەوەی پرۆلێتاریا بە خێرایی، پراکتیکیانەو هۆشیارانە، دەست بە گەشتەکەی بکات بەرەو کۆمەڵگای واقیعیانەی مرۆڤ لە ڕێگای شۆڕشەوە. شۆڕش نامرێت، وە لەسەریەتی بنەڕەتیانە، دژایەتی ئەو دژە-شۆڕشە بکات کە بەردەوام لاوازیەکانی ڕیزەکانی نێو خۆمان، بەکاردەهێنێتەوە دژی خۆمان.

FOR PROLETARIAN DICTATORSHIP
لە پێناوی دکتاتۆریەتی پرۆلێتاریادا

تا دێت زیاترو زیاتر، پرۆلێتێرەکان، میکانیزمی پرۆسێسی جەنگاوەرانەی پرۆلێتاریای شۆڕشگێر، یاخی بوونی توندوتیژو شۆڕشی چینایەتی، هەڵبژاردەیەکی هۆشمەندانە دەسەپێنێت لە نێوان کۆمۆنیزم و بەربەریزمی سەرمایەداریدا: چەوساندنەوە، قەیرانەکان، جەنگەکان، کەتەسترۆفەکانی ژینگە. هەتا ئەم هەڵبژاردەیە ڕۆشنتر ببێتەوە، پرۆلێتاریا زیاتر دەتوانێت دکتاتۆریەتە کۆمەڵایەتیەکەی وەدی بهێنێت لە شۆڕشدا دژی کاری کرێگرتە، دژی بەها، ئاڵوگۆڕ، پارە، دەوڵەت. ئەمەیش یانی پێویستی دکتاتۆریەتێکی جیهانی دژی سەرمایەو تیرۆری شۆڕشگێڕی دژی هێزەکانی برجوازیەت.

دکتاتۆریەتی پرۆلێتاریا یانی لەناوبردنی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانی ئێستا: لەناوبردنی کاری کرێگرتە، لەناوبردنی پیشەو بەرهەمە بێکەڵکەکان، وە سەرکەوتن بەسەر پەیوەندیەکانی ئاڵوگۆڕدا لە هەموو بوارەکانی ژیانماندا، لەناوبردنی ئابووری و بەرهەمهێنان لە پێناوی قازانجداو ملکەچ پێکردنی هەموو هێزە بەرهەمهێنەرەکان بۆ پێداویستیە مرۆییەکان و پێویستی شۆڕشی جیهانی، نەمانی جیاوازیی نێوان کارو کاتی حەوانەوە، نێوان شارو لادێ و هەموو جیاوازیەکانی تریش، وە ڕووخاندنی دەوڵەت و گۆڕینی بە ئۆرگانە شۆڕشگێڕیەکانی خۆڕێکخستنی پرۆلێتاریا، هەرچی کە دەبێتە مایەی سەرخستنی شۆڕش لە کۆمەڵگا گلۆباڵیەکەی مرۆڤایەتیدا. لەڕێگای ئەم پرۆسێسە مێژووییە شۆڕشگێڕیەوە پرۆلێتاریا (وەک دواین چین) خۆی لەناودەبات و بە لەناوبردنی خۆیشی، هەموو کۆمەڵگای چینایەتی لەناودەبات و کۆمەڵگایەکی ئینسانی گەشە پێدەدات.

سەرچاوە : source
http://www.myinternetpages.com/internationalists.html

...............
AGAINST CAPITALISM
دژی کاپیتالیزم

تەنها ئامانجی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی، وەدیهێنانی قازانج و زیادکردنی سەرمایەیە. پێداویستیە مرۆییەکان، بە تەواوی لاوەکین، وە تەنها ئەوکاتانە "دابین دەکرێن" کە خزمەت بە فراوانبوونی سەرمایە دەکەن. هەر بەم جۆرە، ڕژێمە "سۆشیالیستیەکان" یش، بە یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتە پاشکۆکانیەوە، هەر سەرمایەداری بوون، وە هەتا ئەم ساتە وەختەیش، ئەوە هەر سەرمایەداریە لە کۆریای باکوورو چین و کوبادا دەگوزەرێت. لە هەر کوێیەک کاری کرێگرتە هەبوو لەو شوێنە، بە شێوەیەکی حەتمی، سەرمایە بوونی هەیە، وە ناکرێت گوایە هەر لەبەر پۆشینی بەرگێکی ئایدیۆلۆژیی "مارکسیستی"، ئیتر بە حیزبێکی سیاسی و بە دەوڵەتێکەوە، برجوازیەت و هەوڵەکانی ڕێکبخرێنەوە (ئیتر ئەمە بەبێ بوونی هیچ هەلێکی سەرکەوتنیش) بۆ تێکدانی یاساکانی سەرمایەداری و بازاڕو ڕکابەری و بەها.

AGAINST DEMOCRACY, STATE AND BOURGEOIS POLITICS
دژی دیموکراسیەت و دەوڵەت و سیاسەتەکانی برجوازیەت

دیموکراسیەت جەوهەرە تایبەتیەکەی کۆمەڵگای سەرمایەداریە نەک هەر شێوەیەک لە شێوە سیاسیەکانی. ئەو هاوڵاتیانەی کراونەتە گەردیلەی بچووک و بەهۆی سیاسەتە نیشتمانیەکانەوە، یەکێتیەکی دروستکراویان لە بوارە لێکدابڕاوەکاندا بۆ پێکهێنراوە، ئەوانە خەسڵەتی هاوبەشی پەرلەمانتاریستەکان و ستالینیستەکان و فاشیستەکان و نموونەی دەوڵەتە ئیسلامیەکانیشن. ئەوانە ڕێکخراوی برجوازیەتن وەک چینێک، وە لە پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانی کۆمەڵگای چینایەتیەوە گەشە دەکەن. هەر لەبەر ئەوەیە خەباتی شۆڕشگێڕانەی پرۆلێتاریا دژی دیموکراسیەتە، دژی دەوڵەتە، وە هیچ هاوبەشێکی لەگەڵ سیاسەتە برجوازیەکان و حیزبە سیاسیەکاندا نیە (ئیتر باڵی چەپ بن یان باڵی ڕاست)، پەرلەمانی بن یان لە دەرەوەی پەرلەمان، یاسایی بن یان قەدەغەکراو، بە هەڵبژاردن هاتبێتن یان بە کۆدەتای سیاسی.

AGAINST TRADE UNIONS AND LEFTISM
دژی سەندیکاکان و چەپگەراکان

سەندیکای چینایەتی (لە دژی ئەو سەندیکایانەی ڕاستەخۆ لە برجوازیەتەوە دامەزرێنراون)، لەمێژە ڕێکخراوی کرێکاران نین. ئەوانە بوونەتە بەشێک لە دەوڵەتی سەرمایەداریی، بەڵکو ڕێکخراون بۆ فرۆشتنێکی ڕێکوپێکی هێزی کارو پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی. ئا ئەوانە دەبێت تێکبشکێنرێن نەک ڕێفۆرم بکرێن. خاڵی لاوازو شکستەکانی چینەکەمان، هۆکار بووەو هۆکاریشە بۆ سەرهەڵدانی گەلێ تەوژمی چەپگەر کە ڕۆڵی مێژوویی دیموکراسیەتی کۆمەڵایەتی دەبینن. وە لە سەردەمی شۆڕشەکاندا، ئەمانە هەمیشە دواین پەناگاو قەڵای سەرمایە بوون و هەوڵی ڕووخاندنی سەرمایەدارییان نەداوە، بەڵکو هەوڵی ڕێفۆرمێکی ڕادیکاڵانەی سەرمایەدارییان داوە. بۆیە خەباتی پرۆلێتێرە کۆمۆنیستەکان دژی هەموو چەپەکانە: دژە بە ستالینیزم، ترۆتسکیزم، ماویزم، ژمارەیەک لە ئەنارکیستەکان، ئەنتی-گلۆباڵیستەکان، "جیهانی سێهەم"، بزووتنەوەی ئەنتی-ئیمپریالیست، هتد.

AGAINST UNITED FRONTS
دژی بەرەی یەکگرتوو

ئێمە دژی هەموو بەرەیەکی یەکگرتووین لەگەڵ دەستە سیاسیە "پێشکەوتووخوازەکان"ی برجوازیەتداو هەموو ئایدیۆلۆژیاکانی دژە-شۆڕشدا کە لەو بەرە یەکگرتووانەوە سەرهەڵدەدەن: دژە-فاشیزم، یان بۆ نموونە ڕزگاریی نیشتمانی. هەموو ئەمانە بەرگری لە فۆرمێکی دکتاتۆریەتی سەرمایەداریی دەکەن دژی فۆرمێکی تریان، وەک "خراپ" دژی "خراپترین"، ئەمەیش بۆ پارێزگاری کردنی دکتاتۆریەتی سەرمایەداریی وەک یەکەیەکی جیهانی. ئەم بەرە یەکگرتووانە ئاراستەیەکن لە پێناوی خەباتدا بۆ سەرمایەداریی بە "ڕووخسارێکی ئینسانیانەوە"، بەڵام ئەمانە هەمیشە پرۆلێتاریای شۆڕشگێریان لەتوپەت کردووەو تووشی شکستیان کردووە. تەنها هێرشی ڕاستەوخۆی چینایەتیە، دەتوانێت ئەو ڕکابەریەی نێوان پرۆلێتێرەکان بشکێنێت کە ڕاسیستەکان، فاشیستەکان وە ناسیۆنالیستەکان پاڵپشتێکن بۆی. تەنها شۆڕشی کۆمۆنیستی، ئاڵترناتیڤی هەموو ئەو فۆرمە کاپیتالیستیانەن.

AGAINST OPPRESSION, NATIONALISM AND WAR
دژی چەوساندنەوەو ناسیۆنالیزم و جەنگ

جۆرەکانی چەوساندنەوە هەموویان، لە سەرمایەداریی کۆنترن – بۆ نموونە وەک چەوساندنەوە لەسەر بنەمای جێندەرو سێکس، لەسەر بنەمای ڕەگەزو ئەسڵی ئاینی –